www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:44 30-1-2007

# نابی بێئومێد بین . کوردستان موڵکی گەندەڵەکان نیە. ...مەریوان نەقشبەندی



کەموکوڕیەکان زۆرن، گلەییەکان زۆرن، بەڵام پاساوەکانیش هەندێکیان ڕەوان، کاتێك پرۆژەکان بەنیوەناچڵی بەجێدەمێنێت کاتێك لە هاویندا ئاوی خواردنەوە لە گەڕەکەکانی شار و شارۆچکەکان کەم دەبێت و خەڵکی هەزار ناچارەکەن لەم کوردستانە پڕ لەئاوی سازگارەدا ئاو بکڕێت، کاتێك خەڵکی نەخوێندەوار و گەندەڵ دادەمەزرێنن و ئەرك و بەرپرسیاریەتی گەورەی پێدەسپێرن، کاتێك ڕاگەیاندنی وەزارەتەکان دەبنە زورناژەن و هەر بەشان وباڵی وەزیرەکاندا هەڵدەدەن وئیشوکاریان دەبێتە وەڵامدانەوەی ئەو ڕەخنانەی کەلێیان دەگیرێت، کاتێك کارمەند و کرێکارەکانی دائیرەی تەلەفونات دەبنە قۆنتەراتچی و دوور لە چاودێری و لێپرسینەوە تەلەفونی ماڵێك (بە بەخشیش) چاك دەکەنەوە و تەلەفونی دوو ماڵی دیکە خراپ دەکەن تا بە دوو بەخشیشی دیکە و کۆڵێك منەت بۆیان چاك بکەنەوە، کاتێك هەندی مەلای مزگەوتەکانی کوردستان لە وتاری هەینیدا باسی نیکاح و تەڵاق و زەکات دەکەن و بۆ جاری هەزارەم چیرۆکەکەی حەزرەتی یوسفمان بۆ دەگێڕنەوە، کاتێك هاووڵاتی هەست دەکات لەناو ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان و زۆربەی وەزارەتەکاندا هێشتا حزبایەتی و سستمی (فیفتی فیفتی) باڵادەستەو ئەوەی گوێی پێنادرێت (کەفائەت و نەزاهەت و کوردایەتی) ە، کاتێك هاووڵاتی دەبینێت و دەبیستێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بوجەیەکی سەربەخۆی هەیە و سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەچێتە بەغدا و شەڕ بۆ مسۆگەرکردنی دەکات کەچی کابرایەك لە وەزارەتی دارایی کە بەئارەزووی خۆی مامەڵە لەگەڵ داواکاری وەزارەتەکانی کوردستاندا دەکات و سەبارەت بە دەنگوباسی زیادکردنی موچەی فەرمانبەران دەڵێ هێشتا هیچ تەعلیماتێکمان لەبەغداوە بۆ نەهاتوە، کاتێك پارتی و یەکێتی ناوێرن بەئاشکرا بڵێن هێشتا لەسەر دابەشکردنی پۆست و بوجە لەناوخۆیاندا ڕێك نەکەوتوون و بۆ کاتێکی نادیار یەکخستنەوەی بوجەی کوردستان و هەندێك لە وەزارەتەکانیان دواخستوە، کاتێك بەڕێوەبەرەکانی وەزارەتی پەروەردە بەمیزاجی خۆیان مامۆستا دادەنێن و ئەوەی پێی بڵێیت پلان و بەرنامە و عەدالەت لە گواستنەوەی مامۆستایاندا پەیڕەوی ناکەن، کاتێك وەزارەتی تەندروستی بازاری دەرمان فرۆشتن بۆ چەند بازرگانێکی چاوچنۆك بەرەڵا دەکات تا خراپترین جۆری دەرمان بهێننە کوردستان، کاتێك زۆربەی وەزارەتەکانمان خەرجیەکانیان لەبەرهەمەکانیان زۆرتردەبێت، کاتێك و کاتێك و کاتێك. . . . ئیتر کەموکوڕی و گلەیی لەم بابەتە زۆرن و ڕەنگە بەدەیان بابەتی لەم شێوەیە تەواو نەبن و هەمووشیان ڕەخنەی بەجێن و دەبی بەهەند وەربگیرێن و بەدوای چارەسەری بنەڕەتیشدا بگەڕێین بۆ بنبڕکردنیان، بەڵام کاتێك برادەرێکی سەرجادەی قیر لێمان پەیدا دەبێت و بەبی ئەوەی لەسەیرانیشدا دڵۆپێك عارەقی ماندوبوونی ڕشتبێت و بەبی ئەوەی هیچ شتێك لە ئەلف و بێی سیاسەت بزانێت لێمان دەبێتە فەیلەسوف و هەرچی بەخەیاڵیابێت ڕاست و چەپێك بەسەر دەسکەوتەکانی میللەتی کورددا دێنێت و هەندێکیش لەمە زیاتر دەڕۆن و ڕاپەڕینیش بە هەڵەیەکی مێژوویی دەزانن و دەڵێن نەوت و بەنزین و کارەبا لەزەمانی سەدامدا زۆر لەئێستا باشتربوو، تاقمێکی تریش بەناوی پێشکەوتنخوازیەوە دەیانەوێت هەرچی مەلا و مزگەوتی کوردستان هەیە وەك ئەنفالەکانی سەردەمی بەعسیان لێبێت و هەرچی باسی ئیسلام بکات زمانی ببڕن، ئەمانە بۆ خۆیان ڕەوادەبینن سوکایەتی بە عەقیدە و موقەدەساتی هەر کەس و ئاینێك بکەن بەتایبەتیش ئاینی ئیسلام کە ئاینی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستانە و بۆتە بەشێك لە کلتوری ئەم میللەتە، بەڵام ئەگەر مەلایەك لەوتارێکیدا ڕەخنەیان لێبگرێت و بەخراپ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

باسیان بكات بە كوفری دەزانن و خۆیان دەكەنە پاڵەوانی كەناڵەكانی راگەیاندن و وادەزانن كۆمەڵگای مەدەنی و مەدەنیەت و ئازادی ئەوەیە هێرش بكەیتە سەر موقەدەسات و عەقیدەی خەڵكانی تر.

ئەوەی لەكوردستان هەیە نەك هەر پێی ناڵێن ئازادی بەڵكو جۆرێكە لە (بەرەڵایی) و سودیان لەبێ ئەزموونیی حكومەت و سەركردایەتی سیاسی كورد وەرگرتوە و بازبازێنی حزبایەتی و سەنگەرگۆرینیش بەجۆرێك رەواجی پەیداكردوە كە ئێستا نەك هەر یاریزانانی ئەم بازبازێنە شەرمیان بەخۆیان نایەت بەڵكو ئەوەی لە حزبە كۆنەكەیاندا پێیان نەكراوە ئێستا لەحزبە تازەكانیاندا دەیكەن و هیچ حسابێكیش بۆ هەست و بیركردنەوەی خەڵكە رەسەنەكە ناكەن، ئاخر ئەمە چ نیفاقێكە بەرپرسێكی حكومەت یان بەرپرسێكی حزبی بەقەدەر ڤێلایەكی لاسفیگاس گڵۆپی داگیرساندوە و رەخنەش لە نەبوونی كارەبا دەگرێت!!؟؟ ئەمە چ گاڵتەپێكردنێكە (رۆژنامەنووس) یكی موخەزرەم هەموو ژیانی رۆژنامەنووسی لە ماستاوكردن و مامەحەمەییدا بەسەربردبێت و ئێستا بەرپرسی رۆژنامە یان هەفتەنامە یان گۆڤارێكی رەخنەیی بێت؟؟ئاخۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی لەبەردەست ئەم جۆرە كەسانەدا كاردەكەن چ فەرخە ماستاوچییەكیان لێدەردەچێت و چ كارەساتێك روو لە میللەتەكەمان دەكات؟؟!!

رەنگە زۆربەی خەڵكی كوردستان نەزانن یان هەست بە موعاناتی ناوچەكانی ناوەراست و باشووری عێراق نەكەن و ئەوە ناهێننە پێش چاوی خۆیان كە رۆژانە (100-200) گەنجی بێتاوان تەنها لەبەرئەوەی ناویان (عومەر) یان (عەلی) ە دەكوژرێن و لاشەكانیشیان بەشێوێنراوی لەلارێیەكدا فڕێ دەدرێت. رەنگە نەوەی نوێی گەلەكەمان موعاناتی ئەنفال و كیمیاباران و راگواستن و زیندانەكانی بەعسیان پێنەگەیشتبێت و نەزانن پێشتر عەرەبێكی پێپەتی كە كەس نەیدەزانی ئەسڵ و فەسڵی كێیە لەخاڵێكی پشكنیندا بەسەدان ژن و ئافرەتی ئەم میللەتەی ئیهانە دەكرد و هەموو سەرەك عەشیرەت و پیاوماقووڵ و مامۆستایانی زانكۆ و مەلای مزگەوتەكانی كوردستانی ناچار دەكرد تەشەبوسی پێبكەن تا رێگایان پێبدات لەو شوێنە لەناوجەرگەی كوردستاندا تێپەڕن. كاتێك ئەم بابەتە دەنووسم دنیایەك موعاناتم هەیە بەدەست ناعەدالەتی و بێبەرنامەیی و رۆتین و بازبازێنی حزبایەتی هەندێك و بەتایبەتیش ئەوانەی هاتون لەناو پارتیدا حساباتی كۆنیان تەسفیە دەكەن، بەڵام ئەوانە هەمووی نامكاتە كەسێكی قین لەدڵ و خواستی تۆڵەسەندنەوەش لەلای من مەحاڵە و ناشبمە ئۆپۆزسیۆنێكی سلبی، بەڵكو وەك شاخەكانی كوردستان وەك كۆلانەكانی هەڵەبجە وەك بەربەستەكان وەك دارگوێزەكانی كوردستان خۆراگر دەبین هەتا ئەو رۆژەی گەندەڵەكان مشەخۆرەكان نەخوێندەوارەكان ناحەزانی كورد ئاڵا سپیەكەیان بەرز دەكەنەوە. جا رەنگە لەماوەی ژیانی ئێمەدا ئەوە نەیەتەدی بەڵام دڵنیام نەوەكانی دوارۆژ رێگاكەی ئێمە تەواو دەكەن و ئەو ئاواتە دێننەدی كە ئێمە نەماندی و پێی نەگەیشین.

Mariwan_na@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.